گەڕانەوە بۆ سەرەتا … نێچیرڤان زەنگەنە

کوشتنی جۆرج فلۆید، وەکو نموونەیەکی زۆر ڕوونی بیردۆزی(کاریگەری پەپولە) ، تەنها کوشتنی مرۆڤێکی ڕەشپێستی دز نەبوو لە سەر دەستی سپیپێستێکی پۆلیس، بەڵکو ڕاشەکاندنی باڵی پەپولەی دەست پێکەری ڕوداوەکان بوو، وەکو لۆرێنز ووتی: (شەکاندنی باڵی پەپولەیەك لە بەرازیل، ئەتوانێ تۆرنێیدۆ لە تێکساس بخولقێنێ)، ئەوەی گرنگە لێرەدا کارەساتێکی ناپێشبینکراو ڕووئەدات کە هیچ پەیوەندیەکیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە باڵی پەپولەکەوە نامێنێ، گریمان خۆپیشاندانەکان بۆ گەڕانەوەی دادپەروەریە، بەڵام خۆپیشاندەرەکانی دادپەروەری لە ڕێگەی خۆیان لائەدەن و هەڵەسن بە کوشتنی چەندین کەس و تاڵانکردنی چەندین دوکان، هەرچەند ئەمە هەموو خۆپیشاندەران نین بەڵام دەرەنجامی خۆپیشاندانەکە ئاژاوەی لێکەوتەوە، لە چەندین شار لە سەرتاسەری جیهان خۆپیشاندان کرا بۆ گەرانەوەی دادپەروەری یەکێك لەوشارانە شتووتگارتە، لە شاری شتووتگارتی ئەڵمانیا چەند گەنجێك چەندین سەیارەی پۆلیس ئەشکێنن و چەند دوکانێك تاڵان ئەکەن، ئەمەش پێچەوانەی ئەو دادپەروەریەیە کە بۆی خۆپیشاندان ئەکەن، بۆچی ئاراستەی رووداوەکان لە لایەن خەڵکەوە بەرەو ئاژاوە ئەبرێن؟ بۆچی خەڵك پەنا بۆ لێدان لە دەسلأتی جێبەجێکردنی حکوومەت کە پۆلیسە ئەبات؟ بۆ تێگەیشتن لەم پرسیارە ئەبێ چەند نموونەیەکی تر لە دوو بواری بەرچاوی هونەر و سیاسەت بهێنینەوە و چەند پرسیارێکی تر بکەین.

هونەر:

زنجیرەیەکی نوێی سینەمای ئیسپانی بە ناوی (لا کاسا دو باپێل) لە جیهاندا ناوی دەرکرد کە چەند دزێکی زیرەك پارەی حکوومەت ئەدزن و خەڵکیش پاڵپشتیان ئەکات، وە ساڵی 2019 یەکێك لە پڕبینەرترین فیلم لە مێژووی هۆڵیودا بەرهەمهات بەناوی (جۆکەر)، کەسێك هەڵدەستی بە شۆڕش دژی پۆلیس و سیستەم، بانگەشەی ئاژاوە ئەکا و خەڵکیش بە پاڵەوانی ئەزانن، بۆچی ئەو فلیم و زنجیرانەی پربینەرترین ئەو فلیمانەن بانگەشەی ئاژاوە ئەکەن؟ تەنانەت بە پێی ئاماری ئای ئێم دی بی ئی پڕبینەرترین و بەناوبانگترین زنجیرە و فلیم لە مێژوودا شەوشانك و برێکینگ بادن کە لە یەکەمیان کەسەکە یاساکانی سجن ئەشکێنێ و ڕائەکات، لە دووەمیان لە زنجیری برێکینگ باد کەسێکی

پابەند بە یاساکانەوە ئەبێ بە کەسێکی دژە یاسا و سیستەم.

سیاسەت:

لە جیهاندا سیاسەتوانانی سەفستەچی ئاژەوەچی لە جێی سیاسەتوانانی فەیلەسوف و سیستەمچی هەڵئەبژێردرێن لە لایەن خەڵکەوە، نموونەکانی ترەمپی ئەمەریکا و جۆنسۆنی بەریتانیا و پۆتینی روسیا و ئەردۆگانی تورکیا…هتد، بۆچی مەیلی خەڵك بۆ سیاسەتوانانی ئاژەوەچیە؟

ئەوەی لێرەدا بە ڕوونی ئەبینرێ رۆحی ئەنارشیزم دووبارە لەناوخەڵکدا ئەژیێتەوە، (ئێمە، دەوڵەت و من، دوژمنین) ماکس شتیمەر، یان لەوانەیە مێژوویەکی دوورتری هەبێ بگەڕێتەوە بۆ ڕێبازی سینیسیزم کاتێ ئەلیکساندەری گەورە لە دیۆگێنیس ئەپرسێ: چیت پێویستە بۆت بکەم؟ دیۆگێنێس وەڵام ئەداتەوە: بڕۆئەولاوە بەری تیشکی خۆرت لێ گرتووم، پێناسەکەی ئێف بی ئای بۆ ئانارشیزم لەوانەیە تێگەیشتنی روون بدا بە دەستەوە:

(ئەنارشیزم ئەو بڕوایەیە کە کۆمەڵگە، نە حکوومەت ، نە یاسا، نە سیاسەت و نە هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی تیا بێت، ئەم جۆرە بڕوایە لە ئەمەریکادا ڕێگەپێدراوە و یاساییە).

مرۆڤێکی هۆمۆی کۆن پێش سەدان و ملیۆنان ساڵ، لە دارستان و شاخەکان و دەشتەکان بێ یاسا و حکوومەت و سیاسەت و دەسەڵات ژیاون، مرۆڤ سیستەم و یاسا و حکوومەت و دەوڵەت و سیاسەتی، بۆ ڕێکخستنی ژیان و پاراستنی ماف و بەجێگەیاندنی دادپەروەری پەرەی پێداون، لە ئوری سۆمەری و یاساکانی حامورابیەوە بۆ پۆلیسی یۆنان و کتێبی سیاسەتی ئەفلاتون، لەوێوە بۆ دەوڵەتە دینیەکان، لەوێوە بۆ کتێبی میری ماکیاڤیللی، لەوێوە بۆ شۆرشی ڕۆشنگەرەکان و شۆرشی پیشەسازی و شۆرشی قەرەنسی، لەوێوە بۆ دەوڵەتی نەتەوەکان، ئەگەر هەموو ئەمانە نەتوانن ڕێکخستنێکی مافداری دادپەوەر بۆ ژیانی مرۆڤ بەدیبهێنن، ئایا ناهەقی مرۆڤ ئەگیرێت خەون بە گەڕانەوە بۆ سەرەتا، ئەوکاتەی سیاسەت و ئاین و یاسا و دەوڵەت نەبوون ببینێت، ئەوکاتەی ئازادی تەواوی هەبوو و خۆی بڕیاری ژیانی خۆی ئەدا؟ وەکو ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو ئایا ناتوانین خەلەلەکانی سیستەم چاکبکەین و ئەپدەیتی بکەینەوە و دادپەروەری بۆ سیستەم و حکوومەت و سیاسەت بگێڕینەوە و مافیش بۆ خەڵك؟

پێم وانیە ئامێری گواستنەوەی کات زانست دۆزیبێتیەوە، بۆیە گەڕانەوەمان بۆ مرۆڤی هۆمۆ لەوانەیە شتێکی نەکردە بێت، قسەیەکی باو هەیە ئەڵێ قاپی شکاو وەکو خۆی لێ نایەتەوە، ئێمەش ناگەڕێینەوە ئەوکاتە ئەوەش ڕاستیە بەڵام ئەتوانین سوود لە هونەری دەستی یابانی کینتسوگی وەربگرین، کە شووشەی شکاو بە ئاڵتون

چاکدەکەنەوە، لە جاران جوانتر و بەنرختر ئەبێ، بۆیە لەوانەیە تاکە چارەی ئێمەش بۆ ئەم بێئومێدیە ئەوەبێ، ئاژاوە وەکو زەنگی ئاگادارکردنەوێی بەرەو کارەساتچوون ببینین، بە هونەری ئەقڵ درزەکانی سیستەم و سیاسەت و دین و حکوومەت و یاسا بە ئاوی دادپەروەری وگەڕانەوەی ماف و ڕێزگرتن لە خەڵك پڕبکەینەوە.

نووسین : نێچیرڤان زەنگەنە